بارانبارین و بەفر لە پاییزی ئەمساڵدا ڕێژەی بارینیان بەراورد بە هەمان کات لە ساڵی ڕابردوو بەرزتر بووە



شەپۆلەکانی بارانبارین و بەفر لە پاییزی ئەمساڵدا، ڕێژەی بارینیان بەراورد بە هەمان کات لە ساڵی ڕابردوو بەرزتر کردووەتەوە و بە پێی داتاکانی بەشی زانیاری کەشوهەوای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان، جیاوازیی بارینەکە بە ملیمەتر بەم شێوەیە بووە: لە پارێزگای هەولێر ساڵی رابردوو لەم کاتەی ئێستادا، 11.5 ملیمەتر باران باریبوو، بەڵام ئێستا 144.7 ملیمەتر باران باریوە. واتا 132.2 ملیمەتر زیاتر لە ساڵی رابردوو باران باریوە.

لە پارێزگای سلێمانیش ساڵی پار ئەمکاتانە 43.2 ملیمەتر باران باریبوو، بەڵام لەمساڵدا 79.4 ملیمەتر باریوە، بەوەش 36 ملیمەتر زیاتر باریوە.

لە پارێزگای دهۆک ساڵی پار لەمکاتانەدا 10.3 ملیمەتر باران باریبوو، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا 121.4 ملیمەتر باران باریوە. واتا 111.1 ملیمەتر زیاتر باران باریوە.

لە پارێزگای کەرکووک ساڵی پار تا ئەمکاتە 10.2 ملیمەتر باران باریبوو، بەڵام ئێستا 60 ملیمەتر باران باریوە و جیاوازییەکە 49.8 ملیمەترە.

لە هەڵەبجە ساڵی پار 32.6 ملیمەتر باران باریبوو، بەڵام ئەمساڵ 100.6 ملیمەتر باران باریوە، واتا 68 ملیمەتر زیاتر باریوە.